# ئەفسانەی خودا

دکتۆر ئەحمەد میراودەلی

خودای پڕ گومان و شەیتانی بێ گومان

لەوەدەچێت مرۆڤ خودای لە شێوە و سروشتی خۆی درووستکردبێت .

ئەگەر لێم بپرسن خودا هەیە ، دەڵێم نازانم ، وەلێ ئەگەر لێم بپرسن شەیتان هەیە ، بەدڵنیاییەوە دەڵێم ، لە ئەژماردن نایەن .

کاتێک دەڵێین فلاّن شت هەیە یان نییە ، دەبێ بەڵگەی بوون ونەبوونمان بەدەستەوەبێت ، هەر لەبەر ئەوەشە ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم کە ، هەتا چەند ئەتایستم ؟ وەک دەزانین ئەتایزم مانای بێ بڕوایی دەگەیەنێ کە زیاتر مەبەست لە بڕوانەبوونە بە ئاین و بەتایبەتیش بوون و نەبونی خودا . بڕوانەبوون بە هیچ ئاینێک مانای ئەتایزم ناگەیەن ێ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە رەنگە بڕوای بە بوونی خودا هەبێت . ئەتایست ئەو کەسەیە کە بڕوای بە بونی خودا نییە و وەک ئیسلام دەڵێ "کافرە " . جارێکیان مەلایەک لێی پرسیم کە ئایا بڕوام بە ئیسلام هەیە ، لەوەلاّمدا وتم نەخێر ، ئەوجا لێی پرسیم کە بڕوام بە بوونی خودا هەیە ، لە وەڵامدا گوتم " نازانم " مەلاش گوتی لەبەر ئەوەی دوودڵی لەبوونی خودا ، تۆ کافریت .

لە گەڵ هێندێک جیاوازی لەنێوان روانگەی هەرسێک ئاینە بیابانیەکانی بەناو ئاسمانی" جوولەکایێتی ، مەسیحایێتی و ئیسلام " دا ، خوداوەند ، ئافەریندە/ ئافرێندەری هەموو شتێکە ، بەواتای ئەوەی ئافرێندەری ئەم گەردوونەیە لە ئەستێرەی هەسارەکانەوە هاتا زەمین و هەموو ئەو شتانەی لەسەری دەژین بە مرۆڤ و رووک و هەموو ئاژەڵ و خشۆک و مێش و مەگەزیشەوە ، لە لای هەرسێک ئاینەکە ، خواوەند ، ئۆمنیپۆتێنته/ بەواتای ئەوەی توانای کردنی هەموو شتێکی هەیە . لە ئاینی جولەکایێتی و مەسیحایێتیدا ، خوداوەند هەر باشەکار و لێبووردەیە و دژی خراپە و بەدکارییە . ئیسلامیش هەر ئەو شێوە روانگەیەی هەیە بە زیادکردنی ئەوەی کە خودا تۆڵەسێنیشە . سەرباری ئەوانەش بە بڕوای هەرسێک ئاینەکە ، هیچ شتێک لەم گەردوونەدا رووناداتا ئەگەر رەزامەندی خودای لەسەر نەبێت . لە روانگەی ئیسلامەوە هەموو گیاندارێک پێش ئەوەی لەدایک ببێت چارەنووسی لە " لەوحی مەحفووز "

دا نووسراوه . بەواتای ئەوەی ، هەر مرۆڤێک پێش ئەوەی لەدایک ببێت هەموو ژیانی لەیەکەم رۆژی لەدایکبوونییەوە هەتا مردنی لەلایەن خوداوە نەخشە بۆ دارێژراوە .

لەبارەی لێدوان دەربارەی خودا ، دەبێ ئاگاداری دوو راستی پێوەندیدار بین کە جێگەی مشتومڕ نین . یەکەمیان ئەوەیە کە هەموو ئاینەکان دروستکراوی مرۆڤن ، نەک هەر ئەوەندەش هەموویان دروستکاراوی دەستی پیاون . دووهەمیان ئەوەیە کە بەڵگەی ئەوە زیاترە مرۆڤ خودای دروست کردبێت لەوەی کە خودا مرۆڤی دروست کردبێت - بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خودا مرۆڤی دروست نەکردووە یان خودا بوونی نییە . دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤ خودای دروست کردبێت ، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە تۆ بڵێیت هەر بە رێکەوت ئەو خودایە " هەر باشە ، لێبووردە ، ئاردار ، زانا و .... هتد " بێت کە رەنگە مرۆڤ بیەوێ وەهابێت ؟ یان جۆرێکە لە بەڵگەی ئەوەی مرۆڤ خودایەکی دروست کردووە کە لە ئاستی ئارەزوو و پێداویستیەکانیدابێت ؟

راپرسییەکی گۆڤاری " نیوز ویک " ی ئەمەریکای ساڵی 2006 وایدەرخستووە کە لە سەتا نەوەت و شەشی ئەمەریکاییەکان بڕوایان بە بوونی خودا هەیە ، لە سەتا چواریان ئەتایستن و لەسەتا دوویان " ئەگنۆستیک agnostic" ن- بەواتای ئەوەی ناتوانن بڕیار بدەن لەبوون و نەبوونی . من لەم نووسینەدا خۆم دەخەمە ئاستی کەسێکی ئەگنۆستیکەوە دەربارەی هەبوون و نەبوونی خودایەک لەودیو میتافیزیکەوە کە ئەم گەردوونەی دروست کردووە . بەڵام دەربارەی خودای ئاینە ئاسمانییەکان " جوولەکایێتی ، مەسیحایێتی و ئیسلام " ئەگنۆستیک نیم ، بەبڕوای تەواوم خودای ئەو ئاینانە ، بوونی نییە . خودای هەردووک ئاینی مەسیحایێتی و جوولەکایێتی هەموو توانایەکی هەیە و میهرەبان و بەخشندەشە . ئالێرەوە مشتومڕی ئەوە سەر هەڵدەتات ، کە خودا لەیەک کاتدا ناتوانێ هەموو توانایەکی هەبێت و لەهەمان کاتیشدا بەخشندە و میهرەبان بێت چوونکە دوو شتی پێکەوە نەگونجاون لەگەڵ ئەو هەموو نەریتە شەیتانی و بەدکاریە خوێناوییەی لە دنیادا هەیە . با واز لە هەموو ئەو خەسڵەتانە بهێنین کە خودا هەیەتی و تەنها بێینە سەر ئەوەی کە هەموو توانایەکی هەیە و دەتوانی رێگە لە بەدکاری بگرێت ، بەڵام کە لە بەرامبەر ئەو هەموو خوێنڕشتن و نەهامەتیانەدا کە لەسەر ئەم زەمینە روودەدەن ، هیچ نەکات و نەیان وەستێنێ، ئەوە یەکاویەک پێمان دەڵێ کە خودا هەمووی چاکە نییە وەک هێندێک ئاین دەڵێن ، بەتایبەتیش مەسیحایێتی . لووک 18:19 . جێرێمایە 31:14.

کۆنسێپتی هەموو رەوتە ئاینییەکانی مەسیحایێتی بە باشە و خراپەوە گرێدراوە ، بەباشیش دەزانن کە بوونەوەرێکی چاکە خواز هیچ کاتێک نابێتە هۆکار یان ئەگەر لە دەسەڵاتیدا هەبێت ، هیچ نەکات بەرامبەر

ئەو هەموو ئێش و ئازار و تراجیدیا و ئەو دڵڕەقی و کردەوە بێ بەزەییانەی لەم دنیایەدا روویداوە و روودەدات . ئەم راستیانەی کە رەتی ئەوەدەکاتەوە خوداکەیان هەمووی باشەیە، لەبەرامبەردا دەڵێن " ئێمە ناتوانین پرسیار لەخودا بکەین . خودا هەموو هۆیەکی بۆ ئەوەی دەیکات و نایکات هەیە و هەمووشی هەر بۆ باشەیە " باڵێرەدا بڵێین خودای مەسیحایێتی نە ویستییەتی و نە هۆکاری رووداوە دڵتەزێنەکانی ژیانە . بەڵام خۆ ناتوانین بڵێین کە رێگەی نەداوە روویدەن ؟ لەبەر ئەوەی مەسیحییەکان دەڵێن خوداکەیان ئاگاداری هەموو شتێکە پێش ئەوەی روویدات، جۆن 16:30، ماتیو 19:26، جێرەمایا 51:15- ئیسلام و جوولەکەش هەر وەها دەڵێن . باشە ئەو کە دەیزانی بۆمبای هایدرۆجینی بە شارەکانی هیرۆشیما و ناگازاکیدا دەدرێت و توانایەکی بێ سنووریشی هەیە وەک ئایندارەکان بڕوادەکەن ، بۆ ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی نەوەستاند ؟ ئەم جۆرە پرسیارە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستا هێندێک لە گەورە ئاینکار و تیۆلۆجیستی مەسیحایێتیش دان بەوەدا بنێن کە خودا چاوپۆشی لەزۆر کردار و رووداوی دڵتەزێن کردووە .

بیلی گراهام کە ئیڤانجێلیستێکی پرۆتستانتی هەرە بەناوبانگە لە مێژووی ئەمەریکادا، دەربارەی تۆفانی " کەترینا " کە کارەساتی نایەوە وتوویێتی " من نازانم کێ هۆکاری کەترینا بوو ، بەڵام خودا رێگەی پێدا " ئەرێ بەڕاستی ئەمە وتەیەکی بێ واتا نییە ؟ پاپا جۆن پۆڵی دووهەم لەکتێبێکیدا " بیرەوەری و ناسنامە Memory and Identity " ساڵی 2005 دەنووسێت " خواوەندی گەورە، دوازدە ساڵ رێگەی مانەوەی بە نازییەکان دا ، سەرداری گەورە ئەو دڕندەیەی تەنها بۆ دوازدەساڵ [ تەنها؟ ] بەرهەڵدا کرد "

پاپا بێنێدیکی شازدەهەم ، ساڵی 2006 لە کامپی کۆمەڵکوژی" ئاوشویتز " ی جوولەکەکان لە پۆڵۆنیا لە وتارەکەیدا وتی " لە شوێنێکی وەک ئێرەدا ، وشە نامێنێ ، لە کۆتاییدا تەنها بێدەنگی بەدەستەوە دەمێنێ- بێدەنگییەک کە لەخۆیدا گریانێکە لەناخی دڵەوە لەبەردەم خودادا : خودایە ، بۆچی تۆ بە بێدەنگی مایتەوە ؟ تۆ چۆن توانیت چاوپۆشی لە ئەمە بکەیت ؟" منیش دەڵێم ئەی ئەو کاتە خودا لەکوێ بوو ؟

بە بڕوای هەرسێک ئاینە ئاسمەنییەکان، جگە لەوەی کە خودا هەمووی باشەیە ، هەموو توانایەکی هەیە ، ئاگاداری هەموو شتێکیشە ، لەهەموو کاتێکدا لە هەموو شوێنێکیش ئامادەیە . پیر/ سانت تۆماسی جوولەکە لە پاڕانەوەیەکیدا لەخودا دەڵێ ( ئەگەر پڕوام پێت سست بێت ، یان لە ئامادەبوونت رابکەم ، دەزانم کە گەیشتمە بەهەشت ، تۆ لەوێت . ئەگەر جێگەی نووستنم چاک بکەم ، تۆ لەوێت . ئەگەر باڵ بگرم و بەسەر دەریاکاندا بفرم ئەوە دەستی تۆیە منی گرتووە ) هەڵبەستی 139: 7- 10 . و هەڵبەستی 4:32 ی تێستامینتی کۆن- بەواتای تەورات. ... Divinity of Doubt ل 27.

دڵنیام زۆرینەی ئەو جوولەکانەی هیتلەر بەگاز و سووتاندن لەناوی بردن ، ئەم هەڵبەستانەیان خوێندۆتەوە و بڕوای تەواویشیان پێی هەبووە و ئەوەشیان گوتووە کە '' هەتا ئەگەر لە دۆڵی تاریکی مردندا ڕێ بکەم ، من باکم نییە لەبەر ئەوەی تۆ لە تەنیشتمەوەی ''. ئێستا پرس ئەوەیە دەبێ ئەو جوولەکانەی لەناو ژووری گازکردنیاندا بوون و بەبڕوای خۆیان خواکەیان لەتەنیشتیانەوەیە و هاتوهاواری ژیانیان بوو کاتێک گاز چاویانی دەسووتاند، قوڕگیانی دەبڕی و داوای یارمەتییان لێی دەکرد . هەستیان چی بوویێت ؟. ئەرێ بەڕاستی ئەوە مایەی سەرسامی نییە کە لەتەنیشتیانەوەیە و گوێی خۆی لێ کەڕکردووون ؟

من هیچ ڕقم لە خودا نییە، بۆ دەبێ ڕقم لە شتێک بێت کە نازانم  هەیە یان نا ؟ بەڵام بەبێ جیاوازی خۆشیم بە هیچ ئاینێک نایەت چونکە بەڵگەی بێ شومار بەدەستەوەن کە ئەوەندەی ئاین نا ئارداری کردووە و خوێنی مرۆڤی بە ناڕەوایی و دڕندەترین شێووە ڕژاندووە ، هیچ دیکتاتۆرێک و هیچ دۆگمایەکی سیاسی بە قولەقاپیشی ناگات . هەوا دارانی ئەو سێ ئاینە ئاسمانییەی کە بڕوایان بەوە هەیە خوداکەیان هەموو توانایەکی هەیە و لەبەر ئەوەش دەتوانێ ڕێگە لە بەدکاریی بگرێتت و نایگرێت ، دەبوایە هەر یەکەیان لای خۆیەوە ڕقی لەخوداکەی بێت . کەچی بەپێچەوانەوە خۆشەویستی خودا  لای ئەوان ''کە لەو بڕوایەدام زیاتر لە ترسەوەیە '' لە سەرووی خۆشەویستیی هاوسەر و منداڵ و دایک و باوکدایە . ئەگەر لۆجیک ڕێنماکارمان بێت ، چۆن دەبێ لەسەر چاوپۆشینی خوداکەی لەو تاوانانە ، بڕوادار ڕقی لەخوداکەی نەبێتەوە ؟ بەڵام ئەتایست و ئەگنۆستیک ، هیچ هۆیەکیان نییە ڕقیان لە خودا ببێتەوە .

پڕنسیپی ئاینە ئابڕاهامییەکان بۆ ئەو هەموو ڕووداوە ترسناکانەی لەمێژوودا بەبەرچاوی خوداوە ڕوویداوە ئەوەیە کە خودا ئازادی پشکی کرداری داوینەتێ لەبەر ئەوە خودا بەرپرس نییە چۆن ئەو پشکە پیادە دەکەین. بەڵام دیسان کە هیتلەر و ستالین و سەددام و ،،،،، دیکتاتۆرانی هاوتایان ، ئازاد بوون باشە یان خراپە بکەن و خراپەکارییان هەڵبژارد، ئەگەر خودا وەک سێ ئاینەکە دەڵێن ، هەموو توانایەکی هەیە و دەیتوانی بەدکارییەکانیان بوەستێنێ و نەیوەستاندن، بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بڵێین کە بەشداری ئەو تاوانانە نەبووە .

ئێستا من پرسیارێک ئاڕاستەی مەلا و قەشە و ڕابایەکان دەکەم . ئەگەر کوڕێکی گەڕەکی شارەکەتان ، دەستی دابێتە دزی ، کوشتن ، زۆرەملێیی جنسی و هەموو تاوانێک کە بە هزردابێت و دایک و باوکی توانای وەەستاندنی کوڕەکەیان هەبێت لەو بەدکردارییانە و نەیوەستێنن بەبیانووی ئەوەی کوڕەکەیان خودا پشکی چاکە و خراپەی داوەتێ ، لەبەر ئەوە بڵێن نەک هەر نایوەستێنین هچ هەوڵێکیش نادەین بۆ

وەستاندنی . چۆن سەیری ئەو باوک و دایکە دەکەن ؟ ئەریَ ناڵێن باوک و دایکێکی زۆر خراپن یان تاوانبارن ؟ ئەی بۆ دەبێ بەشێوەیەکی جیاواز بیر لەو خودایە بکرێتەوە کە گوایە باوکی مرۆڤە ؟

هەر کاتێک بڕواداریکی یەک لە ئاینە بەناو ئاسمانییەکان تەنگەتاو دەبێت لەسەر نەوەستاندنی ئەو هەموو تاوان و خوێنڕێژییەی کە خوداکەیان توانای وەستاندنی هەبووە و نەی وەستاندووە ، لەجیاتی ئەوەی کە ئەو هەموو تاوانە رووی نەدایە ، لە ناچاریدا دەڵێ ، خودا ریگە بە بەدکاری و کرداری شەیتانی دەدات بۆ ئەوەی بەخشندەیی خۆی بنوێنێت - بەواتای ئەوەی بەلای خوداوە زۆر ئاساییە کە ملیۆنەها مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە لەناوبرێن بۆ ئەوەی کە تاوانبارەکان لەبەر دەمیدا پەشیمان بوونەوە لەکردارەکانیان و داوای لێبووردنیان لێی کرد وەک رزگارکەریان ، لێبووردەیی خۆی بنوێنیّ و بیان بەخشێت ، ئەریّ بەڕاستی چ مرۆڤێکی خاوەن هۆش گوێ شل دەکات بۆ وتەیەکی ئاوا بێ بێ تام بدریّ بەگوێیدا ؟

هەرچەندە تاڵان و کۆمەڵکوژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێکی نوێ نییەو زۆر جاران رووی داوە بەڵام رەنگە ئەوەی ستالین ، پۆڵپۆت ، سەددام و هیتلەرکردوویانە تاریکترین لاپەرەی مێژووی مرۆڤایەتی سەتەی پێشوو بێت . کۆمەڵکوژی بەگوللە باران ، زیندە بەچاڵکردن ، بەکارهێنانی گازی کیمیاوی سووتاندن بەزیندویی هەر لە منداڵی شیرەخۆرەوە هەتا دەگاتە پیر و پەککەوتە . [ کەسێک بەناوی " هانس ستارک" کە ناوی ئەوانەی براونەتە کامپی " ئاوشویتز " تۆمارکردووە کە گەورەترین شوێنی بەکۆمەڵ گازکردن و سوتاندنی جوولەکەکان بەزیندوی بووە لە پۆلۆنیا ، باسی چۆنییَتی کۆمەڵکوژیەکەی بەگاز گێڕاوەتەوە و وتویَتی " کاتێک گازمان دەکردە ژووره داخراوەکانەوە هاتوهاوار گوێی کەرِدەکرد ، دوای چارەکە کاژێرێکیش کە دەرگامان دەکردەوە ، دەمانبینی چۆن لێرە و لەویّ بەسەریەکدا کەوتون " Divinity of Doubt ... ..... ل 29

ئێمەی کورد بۆخۆیشمان هەموو ئەمانەمان بەسەر هاتووە. لە گازی کیمیاوی، گوللە بارانی بە کۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردنیش . ئیدی من تێناگەم چۆن لەبەر ئەوەی خوداکەیان خۆشیانی دەویّ . جولەکەیەک خۆی دەهەژێنیّ و تەورات دەخوێنێتەوە ؟ چۆن مەسیحیەک لەبەردەم ئایکۆنێکدا چۆک دادەدا و لەسەر سینەی شێوەی خاچ دەکێشێ ؟ چۆن ئیسلامێک روو دەکاتە بەردێکی رەشی بیابانی سعوودی و بەری دەستی بەرەو ئاسمان دەکاتەوە و چۆکیش دەبا هەتا سەری دەدا لەئەرد بۆ ئەوەی لەخوداکەی بپاڕێتەوە ؟ ئەوەی لەشەڕدا روو دەدات وا لە مرۆڤی هۆشمەند دەکات بڕوای بە بوونی خودا نەمێنێت . ئاخر ئەگەر خودا هەبێت چۆن رێگە دەدات مرۆڤەکەی دەستکردی خۆی بە زیندوویی بسووتێنرێت ؟ چۆن رێگە دەدات ، منداڵێکی شیرەخۆرە سەری بە قۆناخە تفەنگ پانبکرێتەوە ؟ خودایەک کە بەپێی هەرسێک

ئاینەکە هەمو توانایەکی هەیە ، بۆ ئەو کردارانە ناوەستێنێ؟ بەڵام دیارە بڕیاری داوە لێگەڕی بڕوا ، ئەمە لەکاتێکدا کە بە بۆچوونی مەسیحایتی " ئەو خودایە هێندە ئەم دنیایەی خۆشویستووە ، تەنها کوڕەکەی خۆی لە پێناودا بەخت کردووە بۆ ئەوەی لەتاوانەکانمان ببووریت "...؟

بەپێی ئەو سەرگورشتانەی لە تێستامێنتی کۆن / تەوڕاتدا هاتوون ، بۆ یارمەتی موسا ، خوا جۆراوجۆر پەتای بەناو خەڵکی میسری بێ تاواندا بلاوکردۆتەوە و بە هەزارانی لێ کوشتوون بۆ ئەوەی فیرۆ ناچار بکات موسا نەتەوەکەی لە میسڕ دەرکات و بەرەو نیشتیمانی بەڵێن پێدراو " وڵاتی کەنعان " بەرێت .... ( ئیکسۆدەز 7-11)، ئەگەر وایە ئەی بۆ خودا پەنجەی نەجووڵاند بۆ ئەوەی ویستی خۆی بەسەر دیکتاتۆرەکانی مێژوودا بسەپێنێ و ئەو تاوانانەی کە کردوویانە و لە گێڕانەوە نایەت بوەستێنێ ، تاوان دژی مرۆڤایتی ، تاوانی زۆر گەورەتر لە کۆیلەیی کە فیرۆ بەسەر جوووولەکەیدا سەپاندبوو ؟ باشە تاوانی نەوەی نوێی میسڕ چی بوو کە ئاگای لەبوون و نەبوونی جوولەکە نەبوو ، هەتا خوا دەجۆر پەتایان بەناودا بڵاوبکاتەوە و لەنویان بەرێت ؟

وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە لە نێوان چەندین وەڵامدا ئەوەیە کە خودا یان بوونی نییە ، یان ئەگەر بوونیشی هەبێت ، هەمووی باشە نییە . لە لایەکی دیکەشەوە سەرگورشتەی موسا و نەتەوەکەی بۆ سەلماندنی بوونی خودا ، سەرگورشتەیەکی باش نییە رەنگە هەرگیز رووی نەدابێت . بۆ نموونە بەپێی تەوڕات جوولەکەکان لە رێڕەویاندا لە میسڕەوە بۆ ئیسرائیل ، ماوەیەکی زۆر لە ناوچەی قادیش لە بیابانی سینا ماونەتەوە . ( دیۆتۆڕۆنۆمی 1:46؛ 2:14 ) بەڵام ئاڕهیۆلۆجیستەکان ناوچەی قادیشیان سەروبن کرد و هیچ ئاسەوارێکیان نەدۆزییەوە بگەرێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە تەوڕات دەڵی موسا و نەتەوەکەی لەوێ بوون . جگە لەوەش هەتاکو ئێستا شتێک نەدۆزراوەتەوە ئاماژە بۆ بوونی کۆمەڵگەیەکی جوولەکە لەو سەردەمانەدا لە میسڕ بکات ، جگە لەوەش ، فیرۆکان / فیرعەونەکان ناویان هەبووە ، ئەی بۆ تەوڕات ناوی فیرعەونەکەی سەردەمی موسای نەهێناوە ؟ با بڵێین سەرگورشتەکانی تەوڕات راستن و مووسا جوولەکەی لەمیسڕ وەدەرهێنا و ماوەیەک لەسینا مانەوە ، وەک تەوڕات دەڵێ و بەڵێنی وڵاتی کەنعانی بە نەتەوە هەڵبژاردە " شعب اللّٰه المختار " ەکەی خۆی دا ، بەڵام بۆ دەبوو بە قەلاچۆکردنی دانیشتوانی ناوچەکە جوولەکە جێگیر بکات . ئەو کۆمەڵگەیەی کە بۆخۆی درووستی کردبوون و لەوێ دایمەزاندبوون بۆ بەدەستی جوولەکە قەلاچۆی کردن ، ئەگەر خودایەک نییە کە خۆشی لەخوێنڕشتن بێت ؟ ئەی بۆ قەومی " لوط " ی بەبێ رەوشتی ئافڕاند و هەر لەسەر بێڕەوشتیش لەناوی بردن ؟ ئەرێ بەڕاستی ئەمانە

عارەب گوتەنی " مەهزەلەی ئاینی " نین ؟ سەیر ئەوەیە خوا قومی " لۆط " ی لەسەر رەگزبازی لەناوبرد کەچی ئێستا رەگەزبازیی لەسەرانسەری دنیادا باوە و ژمارەشیان لەو قەومە زۆر زیاترە .

بیلی گراهام ، کە پێشتریش ناویم هێناوە، بەناوبانگترین ئامۆژگارکاری ئاینی مەسحایێتییە لە مێژووی ئەمەریکادا . لە دەربڕینێکیدا کە بۆچی خودا رێگە بەو هەموو تاوانانە دەدات گتوویێتی " خودا هۆکاری خۆی هەیە " لە وتارێکی دیکەیدا لە بەرنامەی" بەیانیت باش ئەمەریکا " دا ساڵی 1999 دەڵێ " خودا خۆشی دەوێت ، ئەو پیلانی بۆ ژیانی تۆ هەیە . هیچ شتێک بەرێکەوت روونادات ، هەموو شتێک لای خوداوە بە مەبەست نەخشەی بۆ کێشراوە مەبەستەکەش هەموو کات هەر مەبەستی باشەیە ، خودا خودای خۆشەیستی و باشەیە و هەرچییەکیش لە ئێمە روودات بە پلانی خودایە " ئەگەر لەو کاتەدا لەو کڵێسەیە بوومایە لە بیلی گراهام دەپرسی ؛ ئەرێ چ مەبەستێکی باشەی خودایە کە چارەکە ملیۆنێک مرۆڤی بە تسونامی لە ئیندۆنووسیا کوشت ؟ یان زیاتر لە دووسەت هەزار کەسی کردە قوربانی بوومەلەرزەکەی هایتی ساڵی 2010 . ئەی ئەو هەموو منداڵانە لە ئافریکا ، ئەمەریکای لاتین ، هیندستان ، پاکستان و بەنگلادێش بۆ لەبرسانا وشک دەکاتەوە ؟ ئەمە چ خۆشەویستییەکە ؟ ئەگەر دەشیەوێت پەیامێکمان وێ بدات، ئەوا پەیامەکەی نەگەیشتووە و ناشگات . بەڕاستی هەڵوێست و گوتەی ئەو جۆرە ئاینکارانە جێگەی شەرمەزارین . چ مەبەستێکی باشە لەوەدابوو کە هیتلەر شەش ملیۆن جوولەکەی کوشت . چ مەبەستێکی باشە لەوەدابوو کە دووسەت و پەنجا هەزار ژاپۆنی بە بۆمبی هایدرۆجینی لە ناگازاکی و هیرۆشیما لەناوبچن ؟ ئایا پەیامەکەی ئەوە بووە پێمان بڵێت بۆمباکە سەرکەوتوو بوو ؟ با هەموو رابا و قەشە و مەلای دنیا کۆببنەوە و بۆم بسەلمێنن چ باشەیەک لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالدا هەبوو کە ئەو هەموو پیر و منداڵە بێ تاوانانە بە گاز کوژران یان زیندەبەچاڵ کران ؟ ئەی ئیسلام و جوولەکە و مەسیحیان، خوداکەتان چ نامەیەکمان پێ دەدا کە ساڵانە نەک هەزاران بەڵکوو دیان هەزار منداڵ و پیر و پەککەوتە لە ئافریکا و زۆر شوێنی دیکە لەبرسا دەمرن ؟ بەڵێ بەڵێ خودا خۆشمانی دەوێت !! ئەمەیە گاڵتەجاڕیی ، بەڵام لەجیاتی جارێک گاڵتەجاڕیی ، ئەمە دوو گاڵتەجاڕییە، گاڵتەجاڕیی مێژوو و گاڵتەجاڕیی ئاین .

ئەگەر لە بڕوادارانی هەرسێک ئاینە ئاسمانییەکە بپرسیت ، بۆ خودا رێگەی بەو هەموو نەهامەتی و بەدکارییە داوە و دەدات لەکاتێکدا لەتوانایدایە بنبڕیان بکات و مرۆڤایێتی هەمیشە بە بەختەوەری و کامەرانی بژیت ، بەهزری خۆیان وەڵامێکی باشت دەدەنەوە ، بەڵام وەڵامێک هەتا بڵێیت بێ تام و بێ مانا، لەوەڵامدا دەڵێن " ئەگەر مرۆڤ هەمیشە دڵشاد بێت ئەوە هیچ بایەخی دڵشادی لا نامێنێتەوە

چوونکە هیچ پێوەرێکی بۆ شادمانی نییە کە بەراوردی لەگەڵدا بکات . بۆ ئەوەی بەهای شادمانی بزانێ . دەبێ بزانی یان ئەزموونی ناشادمانی و کوێرەوەریت هەبێت ، ئەوجا لەبەر ئەوەی خودا ئەوە دەزانێ ، رێگەی بە هەموو نا شادمانی و ریسوایی لە دنیادا دەدات '' بەواتایەکی دیکە پێمان دەڵێن وەک منداڵێک دەبێ ئەزموونی بڤە و نابڤەمان هەبێت بۆ ئەوەی بەسەرهاتەکانمان بنرخێنین ....... هەی های ..... ( ئەو خودایەی کە هەموو توانەیکی هەیە و دەتوانێ هەموو شتێک بکات ، بەواتای ئەوەی کە دەەیتوانی بە ئاسانی مرڤێک درووست بکات کە هەمیشە شاد بێت بێ ئەوەی ناشادمانی ببینێت بۆ بەراودرد کردن . ) و ئەم گرفتەی نەکردایە بە ملییەوە . من دەڵێم ئەم پاساوە زۆر لاوازە بەرامبەر ئەو کارەساتانەی بەسەر مرۆڤدا هاتووە .

رەنگە زۆرینەمان بیرمان لەوە کردبێتەوە و بەهزرماندا هاتبێت ، ئەگەر سەرما و گەرمای زستان و هاوینمان نەچێشتایە ، بەهای کەش و هەوای بەهار و پایزمان نەزانیایە . ئەمە بیرکردنەوەیەکی ئاسایی و ئەقڵانی مرۆڤە و لە ئەنجامی ئەزموونەوەیە . بەڵام ئاینەکان هەمان شێوە دەربارەی شادمانی و ناشدمانی بێردەکەنەوە و دەڵێن ( خودا دەیزانی ئەگەر ئێمە بەدایتیمان نەدیایە هیچ کات باشەمان بەرز نەدەنرخاند . ) لە بەرامبەر ئەو بۆچوونە ئاینییەدا دەڵێم - خۆزگە بوونێک هەبوایە کە ، نەدزی ، نە کوشتن ، نە زۆرەملێیی جنسیی تێدابایە و نەمانزانیایە باشە و خراپە چییە لەجیاتی دنیایەک کە مرۆڤ ، تێیدا ، دزی دەکا ، دەکوژێ و پیاو ئافرەت زەوت دەکات ، بەڵام خەسڵەتی ئەوەمان هەیە چاکە و خراپە لێک جیا بکەینەوە . !! بەبڕوای من ئەمە هیچ پاساوێک نییە کە بۆچی خودا رێگەدەدات نەهامەتی و ناخۆشی بەسەر مرۆی باشدا بێت . ئەوجا دووبارە ئەگەر خودا هەموو توانایەکی هەیە بۆ زۆر بە ئاسانی مرۆڤی بەشێوەیەک نە ئافراندووە کە بەهای باشە بزانێت بێ ئەوەی بەدکاری هەبێت کە باشەی پێ لەگەڵدا بەراورد بکات؟ هێندێک بڕوادار جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناتوانرێت باشە هەبێت بەبێ ئەوی خراپەش هەبێت ، چونکە هەموو شتێک پێچەوانەی هەیە . باشە ئەو بڕوادارانە دەیانەوێ پێمان بڵێن خوداکەیان کە توانای هەموو شتێکی هەیە ، توانای ئەوەی نییە شتێک درووست بکات بێ ئەوەی دژ یان پێچەوانەی هەبێت ؟ ئایا بۆ نموونە ئەو بڕوادارانە دەیانەوێ پێمان بڵێن ، کە خوداکەیان توانای ئەوەەی نییە مرۆڤ بەشێوەیەک بئافرێنێ کە هەمیشە راستگۆبێت و نەتوانێ درۆ بکات ؟ ئەگەر دەیانەوێ ئەوەمان پێ بڵێن ئەوا هەر بە وتەی خۆیان بەدرۆ دەکەونەوە و هەموو بۆچوونەکەیان پووچ دەبێتەوە چوونکە یەکێک لە بڕوا هەرە سەرەکییەکانیان ئەوەیە کە خودا هەموو توانایەکی هەیە و توانای ئەو سنووردار نییە .

بڕوادار ، کێشەی بانێک و دوو هەوای هەیە ، ئەگەر خوداکەیان هەموو توانایەکی هەیە ئەوە دەکاتە ئەوەی کە دەسەڵاتەکەی سنووردار نییە و توانای هەموو کردار و گفتارێکی هەیە ، جگە لە دژدوێنیی و دژکرداری خۆی . کەچی پەرتووکە ئاینییەکانی هەرسێک ئاینە ئاسمانییەکان تژیین لە دژدوێنی و دژکرداری خۆداکەیان . ئەوەتا بە ئاشکرا و زۆر بە روونی ، خودای ئیسلام لە ئایەتە مەکییەکان پەژیوان دەبێتەوە و زۆرینەیان بە ئایەتی مەدینی دەکاتە " مەنسووخ " بەواتای سڕدراوە / پووچکراوە ، هەرسێک ئاینەکە دەڵێن هیچ شتێک نییە کە خودا نەتوانی ببیکات جگە لە درۆکردن . ئالێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەگەر خودا ئەو توانا بێ سنوورەی هەیە کە ئەم دنیا پڕ ئاشوبەی بە ئاسانی ئافراندبێت ، بۆ هەر ئاوا بە ئاسانی دنیایەکی بێ ئاشووب و پڕ کامەرانی نەئافراند ؟ دیارە خودا  ناتتوانێ رابووردووش بگۆڕێت ، کە هەر دەەکاتەوە ئەوەی هەموو توانایەکی نییە ، ئەگەر هەموو توانایەکی هەیە ، بۆ شەڕی عەلی و فاتیمە ناسڕێتەوە ؟ بۆ ئەوەندە سەتەیە بەردەوامە و خوێنی مرۆی بێ تاوانی تێدا دەرژێنێ ؟ ئەگەر توانای گۆڕینی رابووردووی هەبوایە ، ئیسلام دابەشی دووبەرەی شیعەو سوننە نەدەبوو و داعیشیش لە ئارادا نەدەبوو و خوێنی موسوڵمان بەدەستی موسوڵمان ، نەدەڕژا ، منداڵی بێ تاوان چەکی نەدەدرایە دەەست و بەکوشت نەدەدرا و نە ئافرەتانیش دەبوونە کۆیلە و ئامرازی دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی پیاوی ئیسلام . ئینفیدیلەکانیش نە پاساوێکیان دەبوو و نەدەشیانتوانی تۆپ و تەیارەی خۆیان لە ئێمە بەردەن .

لە پەلەقاژێی رزگارکردنی باوەڕەکانیاندا ، بیرمەندانی هەرسێک ئاینەکە ، روخسارێکی نەرێنی بە بڕوادارانیان دەدەن کە ئەوانیش بەبێ بیرکردنەوە پەسەندی دەکەن . بۆ نموونە دەربارەی نەبوونی بەدکاری و هەمیشە دڵخۆشی و بەختەوەری دەڵێن " ئەوە چ دنیایەک دەبوو کە وەک مەکینە بووینایە ؟ " بەڵێ کەس حەزی لە ژیانێکی وەها نییە . بەڵام ئەی باشتر نییە کە مەردوومەکان هەمیشە بەشێوەکی جوان و مۆڕاڵی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا بکەن لەجیاتی ئەوەی ناوبەناو لێرەو لەوێ خەنجەر لەیەکدی بدەن ، شەڕە گوللە بکەن ، ئافرەت زەوت بکەن ، یەکدی سەربڕن ، و فێڵ و فەرەج لەیەکدی بکەن و دەستی بەسالاًچواندا ببڕن ؟ دیارە بەلای بڕوادارانەوە ئەگەر دنیا ئەو شتانەی تێدا نەبێت ، خۆش نییە . !!

هەرسێک ئاینەکە بیانەوێ و نەیانەوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوەخۆ دانیان بەوەدا ناوە کە بەڵی ئەو رووداوانە دڵتەزێن و نارەوان و خودا رێگەی پیداوە ، بەڵام لەوەدنیادا هەموو شتێک چاک دەکاتەوە، سزای بەدکار و بەدڕەوشتان دەدات و پاداشتی باش کردار و باش رەوشتان دەداتەوە . ئەوە رەنگە جۆرێک ئارداری/ عەدالەتی تێدابێت ، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لابردنی ئێش و ئازار و مەینەتی و ئەو نەهامەتیانەی تێدا نییە کە روویانداوە . ئێش و ئازاری ئەنفالکراو و رزگاربووانی ئەنفال و

زیندەبەچاڵکراوان چارەسەر ناکات ، نە بەدەنگی هاتوهاواری گازکراو و سوتاندنی جوولەکەکانی ئۆشویتزەوە دەچی . ئەوەی کە ئەو " خودا " ڕێگەی پێداوە - ئەوە ئەگەر هۆکاریش نەبووبێت ، لە هزر و هۆشی ئێمەی بەدبەختی مۆڕالیست دا ماوەتەوە و هیچ شتێک ناتوانی لە هزرمانی دەرکات . ئیدی بەلای منەوە گرنگ نییە خوا لە ئایندەدا چ دەکات . من ناتوانم کردارەکانی ڕابووردووی لەبیر خۆم بەرمەوە .

لەسەروو هەموو ئەوانەوە کەگوایە دادپەروەری لەوەدنیادا دێتە ئاراوە ئاینەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە ژیان دوای مردن هەیە " بەواتای ئەوەی زیندووبوونەوە هەیە " ئەمە شتێکە کە ئێمە نایزانین و گوماناوییە و خودایەک هەیە ، کە ئەوەش نازانین و گوایە خودایەکی مامنیوەندی مۆڕاڵی نییە بەڵکو خودایەکە ، کە بەڵێنی دادپەروەری داوە بە هەموو ئەوانەی دروستی کردوون ، دیسانەوە ئەمەش شتێکە نایزانین کە وادەبێ یان نا ، لەگەڵ ئەو هەموو بەڵێن و ئەگەرە پێشوەختانەدا و نەبوونی تەنها بەڵگەیەکیش بۆ پشتگیرییان ، من تێناگەم چۆن کەسێکی هۆشمەند بڕوادێنێ و لێی ئاسوودە دەبێ ؟ چۆن بڕوادەکات کەسێک زۆر بە سەرڕاستی ڕاستگۆیی ژیابێت ، مردنێکی پڕ ئێش و ئازار چاوەڕوانی بکات . چۆن کەسێکی دیکە کە جۆراوجۆر ئێش و ئازار و بەشمەینەتی بۆ هەزاران و بگرە مەلایین هێنابێت، بە ئاسایی و بێ ئازار لەناو جێگەدا بمرێت ؟

لایەنگرانی هەرسێک ئاینەکە ، باشترین وەڵامیان بۆ هەموو ڕێگەدان بە بەدکاری و نەهامەتییەکان ئەوەیە کە دەڵێن " خودا پشکی داوینێ چ بکەین و چ نەکەین لە چاکە و خراپە ، ئەو بەرپرس نییە لەوەی ئێمە چۆن ئەو پشکە پیادە دەکەین " لێرەدا سەیر ئەوەیە کە شتێکی لەو بابەتە - کە گوایە خودا پشکی داوینێ ، لە پەرتووکی هیچ لەو سێ ئاینەدا نییە ، جگە لە ڕستەیەکی کورتی تێستامێنتی کۆنی ئینجیلی کاتۆلیک " سیراج Sirach " ئەو کتێبەی کە لەلایەن جوولەکە و پرۆتێستانتەکانەوە بە " ئەپۆکریفاڵ " دانراوە لەبەر ئەوە جێگەی بڕوا نییە و لە ئینجیل و تەوراتدا نەنووسراوە و شتێکی گوماناوییە . بەواتای ئەوەی بەپێی خودی ئاینەکان ، پشکی هەڵبژاردنمان نییە . بەڵام سەیر ئەوەیە ، جوولەکە ، پرۆتستانت ،کاتۆلیک و ئیسلامیش هەمیشە باسی ئەو پشکە دەکەن و کردوویانەتە بنێشتەخۆشەی سەرزاریان ، بەڵام هیچکامیان یەک بەڵگەشیان لە پەرتووکەکانیاندا نییە. لە ڕاستیدا نەک هەر هیچ شتێک لەو بابەتە لە پەرتووکی هەرسێک ئاینەکەدا نەهاتووە، بەڵکو لەو پەرتووکانەدا پێچەوانەی هەیە ، بۆ نموونە لە تێستامێنتی کۆن لە ڕۆمانسی 9:18 دا دەڵێ " خودا وای هەڵبژاردوە کە وا لە هێندێک کەس بکات گوێ نەگرن " لە لایەکی دیکەوە لە ئێکسۆدەسی 4:21. 7:3 خوا بە موسا دەڵێ " من دڵی فیرۆ ڕەق دەکەم ، کەڵلە ڕەقی دەکەم کە نەهێڵێ نەتەوەکەت بڕوات " ئابەم کردارەی خودا دەیانەوێت پاساوی ئەوە بدەنەوە کە خودا جۆراو

جۆر پەتای بۆ میسرییەکان نارد منداڵەکانی لەناوبردن بۆ ئەوەی لەترسان فێرۆ لێگەڕی نەوەی جوولەکە بڕوات . ئەم جۆرە بۆچوونە لە قورئانیشدا بە ئایەتێکی تایبەتی رەنگی داوەتەوە . ئەرێ بەڕاستی ئەوە ئەو خودایەیە کە مرۆڤی خۆشدەوێ و لەشێوەی خۆیدا درووستی کردووە ؟ لەشوێنێکی دیکەی ئینجیلدا ، ئیسایا / ئیسحاق دەپرسێ " بۆچی خودای گەورە لە ڕێگە لامان دەدات ؟" رۆمانسی 11:32 لەوە زیاتر دەڕوا و دەڵێ " خودا هەموو مرۆڤ ئاڕاستەی بێ گوێڕایەڵی دەکات " بە هەمان شێوەش ئیزاکێل 11:18, 20,2 کۆرنیا 4:4 و جۆن 6:65 چەندین وتەی دیکەش . زۆر بە پێچەوانەی بڕوای باوی ناو مەسیحایێتییەوە ئینجیل هیچ باسی ئازادی پشک ناکات ، ئەوە درۆیەکی زەقە و لە هەڵبەستراوی پیاوە ئاینکارەکانی هەرسێک ئاینەکەیە بۆ ئەوەی تۆزێک رووی خوداکەیان بسڕنەوە . یەکێک لە ئایەتەکانی ئقورئان دەڵێت" قل لن یصیبنا اللا ما کتبه الله لنا" بەواتای ئەوەی کە ئێمە تووشی هیچ شتێک نابین کە خودا بۆمانی نەنووسیبێت . ئەی ئەگەر وەهایە بۆ دەبێ مرۆڤ لەسەر بەدکارییەکانی سزا بدرێت کە پێشوەخت کردگارەکەی لە چارەی نووسیوە ؟ کامەیە پشک ؟ کوا ئەو پشکە چی بەسەرهات ؟ لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ ، کێ لەو ئاستەدایە کۆتایی بداتەوە لەسەر هەبون و نەبوونی پشکی ئازاد ؟ لێرەدا ئەگەر تەنها باسی تەورات و ئینجیل بکەین ، ئەو پەرتووکانەی کە هێندە گرنگن و بێ ئەو پەرتووکانە جوولەکایێتی و مەسیحایێتی لە شەو و رۆژێکدا تەپوتۆزیشیان لەسەر زەوی نامێنێت . ئالێرەوە ئەوشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر ئیسلامیش بڕوای نەهێنایە بە هەردووک ئاینی جوولەکایێتی و مەسیحایێتیدا، وەک بەهەشتی مەسعوود محمەت گوتەنی ( ئیسلامیش خۆی بەسەر داروەکازەکەیدا نەدەگرت٠)

با بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەم لەم وتارەدا . واز لەوە بهێنین کە پەرتووکەکانی هەرسێک ئاینە ئاسمانییەکان باسی ئازادی پشکیان تێدا نەهاتووە و هەڵەیەک رویداوە لە دەقەکانیاندا و خودا پشکی ئازادی رادەربڕین و کرداری داوینێ . بەڵام وەک خۆیان دەڵێن " پێشوەخت خودا ئاگاداری هەموو شتێکە ، دەزانێ کێ دەچێتە بەهەشت و کێ دەچێتە دۆزەخ ، پێش ئەوەی لەدایک بووبن . " ئەی سەردار تۆ رێگەت بۆ نەخشاندووم و هەموو ساتێکم دیار کراوە پێش ئەوەی رۆژێک تێپەڕێ " ئینجیل سرودی 139." لێرەدا راستتر وایە بڵێین ، کێ رەوانەی دۆزەخ یان بەهەشت دەکات، چوونکە هەموو شتێک بەدەست ئەوە . ئەمە دانپێدانانێکە کە خودا هەیە و پێشوەختیش هەمووشتێکی نەخشاندووە و ئاگاداری هەموو شتێکە . ئەی باشە ئەمە باشترین بەڵگەی گەوجایێتی نییە کە بڵێی ، خودا پشکی داوینێ ؟

باشە کە ئاینەکان دەڵێن " خودایە تۆ دەزانی من چ دەڵێم پێش ئەوەی بیڵێم "کە ئەوە دەگرێتەوە کە خودا ئەو بەلایین مرۆڤەی لەشێوەی خۆیدا درووستکردووە ، ئاگادارە چۆن پشکی ئازادی کرداری خۆیان پیادە

دەکەن و پشکی ئەوەی داونەتێ کرداری ئەوپەڕی نامرۆڤانە بەرامبەر برا مرۆڤەکانیان بکەن . ئەوجا لەبەر ئەوەی بەپێی ئاینەکان هەموو توانایەکی هەیە دیارە هەر خۆی ڕێگەی داوە ئەو هەموو بەدکارییە بکرێت . ئایا دەتوانین بەو خودایە بڵێین ، خودای لێبووردە و میهرەبان ؟ مەسیحیەکان بڕوایان وایە کە باشترە لە ژیاندا پشکی گوتار و رەفتارمان هەبێت ، ئەوە لە کاتێکدا وەک پێشتر باسم کردووە ، پەرتووکەکانیان شتی وەهای تێدا نییە . جگە لەوەش مێژوو بۆی سەلماندووین کە پشکی ئازادی گوتار و کردار سەرچاوەی بێ دادی و تاوان بووە لە رابوردوودا و لە ئایندەشدا هەر وەها دەبێت . ئێ باشە . باشتر نەدەبوو خودا ئەو پشکەمان نەداتێ و هەموو مرۆڤەکان بە جوانی لەگەڵ یەکدیدا هەڵسوکەوت بکەن ؟ ئایا ئازادی ویست هێندە گرنگە؟ لەوە گرنگترە کە ئێش و ئازار و ریسوایی و مردن لەلایەن دێوە براکانمانەوە بۆمان دێت ؟ ئێوە دەزانن ستالین چەند ملیۆن مرۆی بێ تاوانی کوشت کە هاو وڵاتیی خۆی بوون . بەڵام جێگەی خۆی بوو ، چوونکە ستالین ئازادی کرداری لەلایەن خوداوە پێ درابوو !!!! هەر وەهاش پۆڵپۆت و سەددام و هیتلەر . ئەوجا لەبەر ئەوەی مەسیحییەکان لایان وایە کە خوداکەیان ئاگاداری هەموو شتێکە ، هەمووشی باشەیە ، هەمووشتێک دەزانێ، ئاگاداری هەموو شتێکە ، گەورەترین زانایە. هەموو توانایەکی هەیە . کە جوولەکە و ئیسلامیش هەر وەها دەڵێن ، ئێستا بە بەڵگە پێشانماندا کە خوداکەیان هەمووی باشە نییە ، لەبەر ئەوەش بوونی نییە . بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی ئەو خودایەی ئەو سێ ئاینە دەڵێن هەیە ، ئەو خەسڵەتانەی تێدا نییە کە بۆخۆیان باسی دەکەن .

هەموو سوورەتێکی قوریان بە '' بسم اللاه الرحمان الرحيم '' بەواتای بەناوی خودای لێبووردە و میهرەبانەوە ، دەست پێدەکات کەچی هیچ سوورەتێک نابینیت خودا هەرەشە و گورەشە لە مرۆڤەکانی نەکات و بە ئاگری جەهەندەم نەیان ترسێنێ ، یان هانیان نەدات بۆ خوێنڕشتن و تاڵانی . باشە کە بۆخۆی کردگاری ئەم مرۆڤەیە و چۆنی ویستووە ئاوا درووستی کردوون و خستونیە سەر ئەو ئاینەی کە خۆی ویستوویێتی ، بۆ پەژیوان بۆوە وە لە هەموو ئاینەکانی پێش ئیسلام و بە ئیسلام دەڵێ '' ئەوانەی نابنە ئیسلام سەریان قوتکەن '؟ ( يا ايها النبى حرض المومنين على القيتال ان يكن منكم عشرونه صابرون يغلبون مائتين وان يكن منكم مائه يغلبون الفا من اللذين كفرو بانهم قوم لا يفقهون'' سورەت ئەنفال ئایەتی 65 . هەر وەها ئایەتی چواری ئال عیمران '' ان اللذين كفرو بائايت الله لهم عذاب شديد والله عزيز ذو انتقام "" بەواتای ئەوەی بڕوای بە دیاردەکانی خودا نەبێت ئەشکەنجەیەکی گەورە چاوڕوانیان دەکات ، خوا گەورەیە و تۆڵەسێنە '' بەڵێ بەڕاستی میهرەبانە !! !.

ئەوەی زۆر بەلای منەوە جێگەی تێڕامانە سوورەتی " الفاتیحەیە " سوورەتەکە وەک هەموو سوورەتێکی دیکە بە " بسم الله الرحمان الرحیم " دست پێدەکات ، ئەوەش زۆر ئاساییە . بەڵام ئەگەر قورئان گوتەی خودایە وەک ئیسلام دەڵێ ، بۆ خودا لەسەرەتای گوتەکانیدا دەڵێ " الحمد للاه رب العالمین ،،،، " ئایا خودایەکی لەخۆی گەورەتر شک دەبات کە حەمد و سەنای بکات ؟ یان ئەمە جێگەی گومانە و ئەو خودایە بوونی نییە و قورئان هەمووی هەڵبەستراوی محەممەدە ؟

ئێستا با چەند پرسیارێک لە هەرسێک ئاینەکە بکەین . ئێوە کە دەڵێن کە خوداکەتان بێ خەوشترینە ، هەمو توانایەکی هەیە - بەواتای ئەوەی هەرشتێکی بوێت دەتوانێ ئەنجامی بدات ، ئەی بۆچی کارێکی هێندە ناقۆڵا و پڕ کەمووکووڕی کردووە لە درووستکردنی ئەم دنیا ناتەواوەدا کە تژییە لە بومولەرزە ، بورکان ، لافاو ، زریان ، کێژەڵووکە و وشکەساڵی و ...... هتد ؟ پێمان مەڵێن خوا مەبەستی خۆی هەیە و هەمووشی باشەیە ، ئەو گوتەیەکی سواوە و ناچێتە جەواڵەوە . باشە ئەگەر خواکەتان هەمووی باشەیە و هەموو توانایەکی هەیە ، بۆ ئەم مرۆڤە لاسار و سەرکێش و ناتەواوەی درووستکردووە لەسەر دنیاکەی ؟ باشە هیچ پاساوێک هەیە بۆ ئەوەی خودا ئەم مرۆڤە لاسارەی درووستکردووە ؟ تۆ بڵێیی خوا گرفتی هەبێت ؟

لە راستیدا ، ئایندارەکان گوێ نادەنە ئەوەی کە هیچ لە بیر و بڕواکانیان لۆجیکی تێدایە یان نا ، مارکسیزم دەڵێ " ئاین ئەفیونی میللەتانە " من دەڵێم نەخێر ، ئاین ئەفیونی گێلە مرۆڤە . ئێستا گەیشتوومە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر ( خودا بێتە سەر زەمین و بڵێت ، من ئیبراهیم ناناسم ، موساش پەیامبەری من نییە ، عیسا کوڕی من نییە و لەخاچ نەدراوە بۆ لێبووردنی تاوانەکانتان ، شتێکیش نییە بەناوی بەهەشت و دۆزەخ ، محەممەد درۆ دەکا و نێردراوی من نییە و قورئان گوتەی من نییە .) دڵنیام لەوەی هەموو قەشە و رابا و مەلای دنیا لێی راستدەبنەوە پێی دەڵێن ئێمە زۆر زیاتر دەربارەی ئەم بەزمە دەزانین ، لەبەر ئەوە لەکوێوە هاتووی بڕۆرەوە بۆ ئەوێ . بەکورتی خودا پشتگوێ دەخەن و لەسەر بەزمی خۆیان بەردەوام دەبن .

ئاین ئەفیونی گێلە مرۆڤە و هەتا گێلە مرۆڤ هەبێت ، ئاینیش گڤقەی دێت .

تێبینی : بۆ ئەم نووسینە جگە لە کتێبە ئاینییەکان سوودم لەم سەرچاوانەش وەرگرتووە

Divinity of doubt, God and Atheism on trial . Vincent Bugliosi 2012

The grand inquisitor, a history of terror in the name of God. Jonathan Kirsch 1009

Conversation with God. Neal Donald Walsh 2005

Jewish people , Nicolas de Lange 1997

In defense of Atheism Michel Onfray 2005

٢٢/١٠ ٢٠١٥ كەنەدا